# چاویلکەی خۆرگیران:

## ڕێنماییەکانی بەکارهێنان




**خۆرگیرانی تەواوەتی**

دوشەممەی، 8ی نیسانی 2024

© 2018-2024
Eclipse2024.org

# TERMS AND CONDITIONS FOR USE OF ECLIPSE GLASSES

**Please read these Instructions for Use carefully before using the Eclipse Glasses. Your purchase and use of the Eclipse Glasses constitutes your agreement to these Terms and Conditions. Failure to follow these Instructions for Use may result in serious personal injury, including permanent eye damage. If you do not understand these Instructions or cannot follow them diligently and completely, then you should not look at the Sun at any time, with or without the Eclipse Glasses.**

The term “Eclipse Glasses” refers to the special cardboard-and-polymer optical products, marked “ISO 12312-2” and “SAFE FOR DIRECT SOLAR VIEWING”, manufactured by Rainbow Symphony of Reseda CA or American Paper Optics of Bartlett TN, and sold by Eclipse2024.org for the purpose of viewing the Sun during the solar eclipse of April 8, 2024, by or under the direct supervision of a person 18 years of age or above and in accordance with these Instructions for Use.

Observing the Sun directly, without the benefit of eye protection provided by the Eclipse Glasses, will likely result in serious personal injury, up to and including permanent eye damage and blindness. When these Instructions for Use are followed completely and precisely, the undamaged and unmodified Eclipse Glasses have been proven to be safe and effective in allowing direct, short-term viewing of the Sun. If these Instructions for Use are not followed, or if damaged or modified Eclipse Glasses are used, permanent eye injury could result.

You should never look directly at the Sun, with or without the aid of the Eclipse Glasses, if you have any temporary or permanent medical or other condition which either (1) prevents your use of the Eclipse Glasses according to these Instructions for Use, or (2) which predisposes you to an increased or special risk of incurring, worsening, or contributing to the effects of any optical condition, or other medical, health, or other condition, by looking or attempting to look at the Sun.

You should never attempt to perform any other activity (such as driving or walking) while using the Eclipse Glasses.

You agree that if you allow others to use the Eclipse Glasses, you will provide each such user with a copy of these Instructions for Use and will make sure such user reads and understands the Instructions for Use before using the Eclipse Glasses.

By using the Eclipse Glasses to view the Sun, you agree with the following:

(a) you understand these Instructions for Use completely;
(b) you understand and accept the risks associated with improper use of the Eclipse Glasses;
(c) you accept full responsibility for, and assume all risks associated with, the act of viewing the Sun, with or without the use of the Eclipse Glasses; and
(d) the Eclipse Glasses are fragile, and any damage or modification will render them immediately and permanently unusable for their intended purpose.

<u>Release and Limitation of Liability</u>

By way of purchasing and using the Eclipse Glasses, you are irrevocably releasing, indemnifying, and holding harmless the manufacturer and seller from any liability, loss, claim and expense (including attorney’s fees), including but not limited to bodily injury or other personal harm, which may result from using the Eclipse Glasses under any circumstances or conditions and irrespective of jurisdiction. Neither the manufacturer nor the seller will be responsible for any damages of any kind, irrespective of reasons, conditions or circumstances, including malfunctioning of the Eclipse Glasses. All risks associated with using the Eclipse Glasses rest solely and entirely with the user, irrespective of whether the Eclipse Glasses are used by the original purchaser or any third party. You fully understand and assume the risks in using the Eclipse Glasses. You confirm that you have read this release of liability and fully understand its terms and that you have given up substantial rights by purchasing and using the Eclipse Glasses.

THE MANUFACTURER AND SELLER OF THE ECLIPSE GLASSES MAKE NO WARRANTY OF ANY KIND, EXPRESSED OR IMPLIED, WITH RESPECT TO THE ECLIPSE GLASSES, INCLUDING BUT NOT LIMITED TO THE IMPLIED WARRANTIES OF MERCHANTABILITY, FITNESS FOR A PARTICULAR PURPOSE, AND NON-INFRINGMENT. NEITHER THE MANUFACTURER NOR THE SELLER SHALL BE LIABLE FOR ANY OTHER DAMAGES, INCLUDING BUT NOT LIMITED TO DIRECT, INDIRECT, INCIDENTAL, SPECIAL, CONSEQUENTIAL, OR EXEMPLARY DAMAGES, WHETHER IN AN ACTION IN CONTRACT OR TORT (INCLUDING NEGLIGENCE AND STRICT LIABILITY), SUCH AS, BUT NOT LIMITED TO, LOSS OF ANTICIPATED PROFITS OR BENEFITS RESULTING FROM, OR ARISING OUT OF, OR IN CONNECTION WITH THE USE OR FURNISHING OF THE ECLIPSE GLASSES OR THE PERFORMANCE, USE OR INABILITY TO USE THE SAME, EVEN IF THE MANUFACTURER OR SELLER HAS BEEN ADVISED OF THE POSSIBILITY OF SUCH DAMAGES. IN NO EVENT WILL THE MANUFACTURER’S OR SELLER’S TOTAL LIABILITY EXCEED THE PRICE PAID FOR THE PRODUCT.

<u>Note Regarding Translations</u>

Translations of these Instructions for Use into various languages are provided “AS-IS” and solely for the convenience of the reader. Eclipse2024.org has made reasonable efforts to ensure the accuracy of the Translations; however, in the event of any perceived discrepancy in meaning or interpretation between the English version and any Translation, the English version will prevail. You should not act in reliance on anything contained in any Translation of these Instructions for Use, but should refer to the official English version.


*© 2017-2024*
*Eclipse2024.org*


# خۆرگیرانی تەواوەتی – 8ی نیسانی 2024

**بەخێربێن بۆ ئەمەریکای باکوور!**

شەرەفمەندین کە سەردانی وڵاتەکەی ئێمەت هەڵبژاردوە بۆ ئەوەی چێژ لە خۆرگیرانی تەواوەتی وەربگریت، وە ئێمەیش دەمانەوێت هەموو کەسێک بە شێوەیەکی سەلامەت ئەم دیمەنە سەرنجڕاکێشە ببینێت!

ئێمە ئەم ڕێنماییانە تەنها بۆ ڕەزامەندیی تۆ بە زمانی کوردی پێشکەش دەکەین. وەشانیی ئینگلیزیی ئەم ڕێنماییە، ئامۆژگاری و دەستلێهەڵگرتنانە (لێرەدا بە "ڕێنماییەکان" ناودەبرێن) سەرچاوەی تەواوی زانیاریی و ڕێبەریە بۆ بەکارهێنانی گونجاو و دروستی چاویلکەی خۆرگیران بۆ تەماشاکردنی ڕاستەوخۆی خۆرگیران. ڕێنماییەکان بەردەستن لە https://tinyurl.com/2024Instructions، وە دەبێت بیانخوێنیتەوە، لێیان تێبگەیت و جێبەجێیان بکەیت تا بتوانیت چاویلکەی خۆرگیران بەکاربهێنیت. **جێبەجێنەکردنی ڕێنماییەکان ڕەنگە ببنە هۆی زیانی کەسیی بەرچاو.**

گەردووناسان خۆرگیرانی 8ی نیسانی 2024 بە "خۆرگیرانی تەواوەتی" ناودەبەن، بەڵام بۆ ئەوەی خۆرگیرانی تەواوەتی ببینیت، دەبێت لە شوێنێکدا بیت لە ناو هێڵە زەمینیە تەسکەکانی ئەمەریکای باکوور (کە بە "ڕێڕەوی تەواوەتی" ناودەبرێت). ئەگەر لەم ڕێڕەوەدا نەبیت، تەنها خۆرگیرانی لاوەکی دەبینیت! بۆیە زۆر گرنگە کە بزانیت لە ڕێڕەوی تەواوەتیدایت یان نا، وە شێوازی بەکارهێنانی جاویلکەکە لە خوارەوە باسکراوە.



ڕێڕەوی تەواوەتی

## ڕێنماییە تێروتەسەلەکان ڕێبەری دەستپێکردنی

دەستەواژەی "چاویلکەی خۆرگیران"، کە لەم بەڵگەنامەدا بەکارهاتووە، بۆ "Eclipse Glasses" بەکارهاتووە کە لە دەستلێهەڵگرتنەکەی لاپەڕەی یەکەمی، یان هەر شوێنێکی تر، ئەم بەڵگەنامەکدا ئاماژەی پێکراوە.

بەکارهێنانی تۆ بۆ چاویلکەی خۆرگیران بۆ تەماشاکردنی خۆر ڕێکەوتنێکی یاسایی پێکدەهێنێت. دەبێت بە وردی و بە تەواوی شوێن هەموو ڕێنمایی و ئامۆژگاریەکان بکەویت کە لە ئەم ڕێنماییانەدایە، ئەمەیش بۆ ئەوەی بتوانێت هەر کاتێک بتەوێت تەماشای خۆر بکەیت لە کاتی خۆرگیراندا. ئەگەر لە ڕێنماییەکان تێناگەیت، یان ناتوانیت بە تەواوەتی و دروستی پابەند بیت پێیانەوە، یان ئەگەر بە بەند و مەرجەکانیان قایل نیت، ئەوە ڕاتدەسپێرین کە هەوڵنەدەیت لە هیچ کات و بە هیچ شێوازێک تەماشای خۆر بکەیت.

# ڕێبەری دەستپێکردنی خێرا بۆ چاویلکەی خۆرگیران

ئەم دەستپێکردنە خێرایە چڕکراوەی کۆمەڵە ڕێنماییە تێروتەسەلەکان بە زمانی کوردی، کە دەبێت پیانخوێنیتەوە، لێیان تێبگەیت و پسەرتاپا پابەند بیت پێیانەوە تا بتوانیت چاویلکەی خۆرگیران بۆ تەماشاکردنی دیمەنی خۆرگیران بەکاربهێنیت.

1) لە ڕێگەی eclipse2024.org/find-times تەماشای شوێنەکەت بکە تا بزانیت خۆرگیرانەکە لە ئەو شوێنە خۆرگیرانی تەواو دەبێت یان نا، هەروەها کاتی نزیککراوە بزانیت بۆ قۆناغی لاوەکی و (ئەگەر گونجاو بێت) تەواوەتی ئەو شوێنە.

2) خۆرگیرانی تەواوەتی ڕووداوێکی سەرنجڕاکێشە، بەڵام تەنها کاتێک دەتوانیت چێژ لە ئەزموونەکە وەربگریت کە لەسنوری ناوچەی "ڕێڕەوی تەواوەتی" بیت - کە نزیکەی 200کم پانە. ئەگەر لەو شوێنەی پلانت داناوە تەماشای خۆرگیران بکەیت بەڵام خۆرگیرانی تەواوەتی دیار نیە، ئامۆژگاریت دەکەین شوێنەکەت بگۆڕیت بۆ ناوچەیەک لە ناو ڕێڕەوی تەواوەتی!

3) بۆ بەکارهێنانی چاویلکەی خۆرگیران بۆ تەماشاکردنی خۆرگیران، هاوێنەی کانزایی چاویلکەی خۆرگیران ڕاستەوخۆ بەسەر چاوەکانتەوە بگرە بۆ ئەوەی پارێزراو بن لەوەی ڕاستەوخۆ خۆر ببینن.

4) چی کاتێک چاویلکەی خۆریگران بەکاربهێنیت بۆ تەماشاکردنی خۆر:

أ- ئەگەر خۆرگیرانەکە تەواوەتی نەبێت لە شوێنەکەی تۆدا، دەبێت بە درێژایی ماوەکە لە ڕێگەی چاویلکەی خۆرگیرانەوە تەماشای دیمەنەکە بکەیت. مەترسییەکی هەمیشەیی لەسەر چاوەکانت دروست دەکەیت ئەگەر بەبێ پارێزبەندیی گونجاوی چاو تەماشای خۆر بکەیت.

ب- ئەگەر خۆرگیرانەکە تەواوەتی بێت لە شوێنەکەی تۆدا، دەبێت لە ڕێگەی چاویلکەی خۆریگرانەوە تەماشای دیمەنەکە بکەیت ئەگەر هەر بەشێکی روناکی خۆر، تەنانەت ئەگەر بەشێکی زۆر بچویکیش بێت، دیاربێت. ئەگەر ئەم ڕێنماییە جێبەجێ نەکەیت، مەترسییەکی هەمیشەیی لەسەر چاوەکانت دروست دەکەیت.

i. سەرەڕای ئەوە، تەنها لە ماوەی کورتی خۆرگیرانی تەواوەتیدا، کاتێک هیچ بەشێکی روناکیێ خۆر دیار نیە، دەتوانیت ڕاستەوخۆ بە بێ بەکارهێنانی چاویلکەی خۆرگیران تەماشای خۆر بکەیت.

ii. لە ڕاستیدا، ئەگەر هەوڵبدەیت لە ماوەی خۆرگیرانی تەواوەتیدا بە بەکارهێنانی چاویلکەی خۆرگیران تەماشای خۆر بکەیت، ئەوە هیچ شتێک نابینیت.

iii. هەر کە خۆرگیرانی تەواوەتی کۆتایی هات، وە بەشە ڕووناکەکەی خۆت دەرکەوتەوە، دەبێت دەستبەجێ چاویلکەی خۆرگیران بەکاربهێنیت.

5) بە واتایەتی تر،

**کاتێک هەر بەشێکی ڕووناکی خۆر دەردەکەوێت،**

**دەبێت چاویلکەی خۆرگیران بەکاربهێنیت.**

© 2018-2024
Eclipse2024.org

# ڕێنمایی تێروتەسەل بۆ بەکارهێنانی چاویلکەی خۆرگیران

یەکەم، دەبێت هەردێک زاراوەسازی هەیە لێیان تێبگەیت!

بۆ هەر خۆرگیرانێک، وە بۆ هەر شوێنێک لەسەر زەوی، ناوی جیاواز بۆ کات و ڕووداوی گرنگی دیاریکراو دادەنرێت.  بەم شێوەیە ناسراون:

| ناوی ڕووداو | وردەکاریی ڕوداوو | دیمەنەکە چۆندەردەکەوێت *(خۆرگیرانی تەواوەتی)* | دیمەنەکە چۆندەردەکەوێت *(خۆرگیرانی لاوەکی)* |
|---|---|---|---|
| C1 | سەرەتای قۆناغی لاوەکی |  |  |
| C2 | سەرەتای خۆرگیرانی تەواوەتی |  | ** ڕونادات ** |
| ناوەڕاستی خۆرگیران | خاڵی ناوەڕاستی خۆرگیران |  |  |
| C3 | کۆتایی قۆناغی تەواوەتی |  | ** ڕونادات ** |
| C4 | کۆتایی قۆناغی لاوەکی |  |  |

© 2018-2024
Eclipse2024.org

# 1) ڕێنمایی گشتیی بۆ بەکارهێنانی چاویلکەی خۆرگیران



1) [ئەگەر گونجاو بێت] بە وریایی چاویلکەی خۆرگیران لە پاکەتەکە دەربهێنە.

2) ئەو کاتانەی بەکاری ناهێنێت، چاویلکەی خۆرگیرانەکە بپارێزە.

3) پێش هەر بەکارهێنانێک چاویلکەی خۆرگیرانەکە بپشکنە؛ بزانە هاوێنەکەی زیانی پێنەگەیشتووە یان بە شێوەیەک شوختی تێ نەبووە، ئەگەر وایە چاویلکەی خۆرگیرانەکە بدڕێنە و لەناوی ببە، وە داوای دانەیەکي زيانپێنەگەیشتوو بکە.

4) ئەگەر هاوێنەکانی زیانیان پێگەیشتووە، چاویلکەی خۆرگیران لە هیچ کاتێکدا بەکار مەهێنە بۆ تەماشاکردنی خۆر.

5) هاوێنە کانزاییەکان لە چاویلکەی خۆرگیران مەکەرەوە، بە هیچ شێوەیەک هاوێنە لێکراوەکان بۆ تەماشاکردنی خۆت بەکارمەهێنە.

6) هاوێنە دروست جێگیرکراوە زیانپێنەگەیشتووەکانی چاویلکەی خۆرگیران بە سەلامەتی ڕێگری لە ئاستە مەترسیدارەکانی رووناکیە بینراوەکان، هەروەها تیشکی زیانبەخشی سەرو وەنەوشەیی و تیشکەکانی تری خۆر دەکات. لەبەرئەوە بە تەواوەتی بێ مەترسیە کە چاویلکەی خۆرگیران، بە پێی ئەو ڕێنماییانەی لێرەدا دراون، بۆ تەماشاکردنی خۆر لە هەر کاتێکدا بەکاربهێنیت. هیچ "تیشکی خۆرگیران"ـی تایبەت لە ئارادا نیە کە لە ماوەی خۆرگیراندا تەماشاکردنی خۆر کەمتر یان زیاتر مەترسیدار بکات.

7) **دەبێت چاویلکەی خۆرگیران، بەو شێوەیەی لێرەدا باسکراوە، بەکاربهێنێت بۆ ئەوەی بە سەلامەتی تەماشای خۆر بکەیت لە هەر کاتێکدا کە رووناکیی خۆر بەدەرەوەیە. ئەمە راستە بەبێ ڕەچاوکردنی هەر کاتێکی خۆرگیرانەکە (واتە، ”C2“ و ”C3“ وەک لە سەرەوە باسکراوە) کە لە هەر سەرچاوەیەکەوە تۆمارت کردبێت.**

8) چاویلکەی خۆرگیرانەکە بە تێکەڵی لەگەڵ هەر تەلیسکۆپ، دووربین، کامێرا، هاوێنە، ئاوێنە، یان هەر ئامرازێکی تری بینین، یان هەر ئامێر و کەرەستەیەک کە رەنگە روناکی بداتەوە یان بگوازێتەوە (”ئامێری بینین“) بەکارمەهێنە.

9) هەرگیز هیچ کام لەو ئامێری بینینانە روو مەکە یان مەیخەرە بەر خۆر، وە هەرگیز بە بەکارهێنانی ئامێریکی بینین کە رووی لە خۆرە، یان بە هەر شێوەیەک تیشکی خۆر کۆدەکاتەوە، جەختی دەخاتە سەر یان ئاڕاستەی دەکاتەوە تەماشای دیمەنی خۆر مەکە.

10) مەهێڵە چاویلکەی خۆرگیران لە لایەن گیانداران، یان هەر کەسێک کە بە شێوەیەکی کاتی ئەندامێکی جەستەی لەکار کەوتووە، یان ناتوانێت ڕێنماییەکانی باش بەکارهێنانی چاویلکەی خۆرگیران بخوێنێتەوە، لێیان تێبگات یان پابەند بێت پێیانەوە بەکربهێنرێت، یاخود بە شێوەیەکی یاسایی ناتوانێت بەرپرسیارێتی دەرئەنجامەکانی کردارەکانیان قبوڵ بکات.



11) بۆ بەکارهێنانی چاویلکەی خۆرگیران:

چاویلکەی خۆرگیران بە تەواوەتی لە نێوان چاوەکانت و خۆر رابگرە، وە لە ناو هاوێنە کانزاییە زیانپێنەگەیشتووەکانی چاویلکەی خۆرگیرانەوە تەماشای خۆت بکە، وە بە درێژایی کاتەکە هاوێنە کانزاییەکان لە نێوان چاوەکانت و خۆر رابگرە. لە حاڵەتێکدا چاویلکەی خۆرگیران لە شێوەی چاویلکەی کارتۆندا دروستکرابوو، دەتوانیت چاویلکەکە بە شێوەیەک قەد بکەیت کە چاویلکەی خۆرگیران بە هەمان شێوەی چاویلکەی ئاسایی لە چاو بکەیت. کاتێک دۆخەکە خۆرگیرانی تەواوەتی نیە (واتە لە نێوان کاتەکانی C2 و C3 وەک لە ئەم خشتەی خوارەوە دەیبینیت، ئەگەر هاتوو ئەم کاتانە بۆ شوێنی بینینەکەی تۆ گونجاو بوون) هەرگیز راستەوخۆ تەماشای خۆر مەکە، مەگەر لە هاوێنەی کانزایی زیانپێنەگەیشتووی چاوینکەی خۆرگیرانەوە نەبێت.

12) جگە لەو هاوێنە کانزاییەکانی چاویلکەی خۆرگیران کە بە چوارچێوەیەکەوە جیگیرکراون و لە بنەڕەتەوە بۆ پاراستنی چاو لە کاتی تەماشاکردنی خۆر دروست کراون، هیچ تەن و کانزایەکی تر بەکارمەهێنە.

13) ئەگەر هەر پرسیارێکت هەیە دەربارەی ئەم ڕێنماییانە، تکایە لە ڕێگەی https://tinyurl.com/glasses-questions پەیوەندی بە Eclipse2024.org بکە.

© 2018-2024
Eclipse2024.org

## 2) زانیاری وەربگرە دەربارەی کاتەکە دیاریکراوەکانی ڕووداوی خۆرگیران لە شوێنەکەی خۆت

بەپێی ئەو زانیاریانەی لە eclipse2024.org/find-times دەربارەی شوێنەکەت دەدرێت، ئەم ڕستانەی خوارەوە تەواو بکە:

**بۆ شوێنەکەی من، خۆرگیران:**

| تەواوەتیە | تەواوەتی نیە |
|---|---|

(یەکیان بخەرە بازنەوە)

| ئەگەر خۆرگیرانەکە **تەواوەتیە** لە شوێنەکەی تۆ، شوێن ئەو ڕێنماییانە بکەوە کە دراوە لە بەشی<br><br>**"خۆرگیران**<br>**تەواوەتیە**<br>**لە شوێنەکەی من"**<br><br>بەشی خوارەوە: | ئەگەر خۆرگیرانەکە **تەواوەتی نیە** لە شوێنەکەی تۆ، شوێن ئەو ڕێنماییانە بکەوە کە دراوە لە بەشی<br><br>**"خۆرگیران**<br>**تەواوەتی نیە**<br>**لە شوێنەکەی من"**<br><br>بەشی خوارەوە: |
|---|---|

## ** خۆرگیران تەواوەتیە لە شوێنەکەی من **

تۆ لە ڕێڕەوی تەواوەتیدایت، وە ئەزموونی ڕووداوێنی دەگمەن و ناوازە دەکەیت! زۆر گرنگە بۆ تۆ کە ئەوە یەکلا بکەیتەوە خۆرگیران لە شوێنەکەی تۆ تەواوەتیە یان نا. دەتوانیت بە گەڕانەوە بۆ ئەو کاتانەی لە خوارەوە دیاریت کردوون ئەو کارە بکەیت، وە هەروەها چونکە لە ماوەی خۆرگیرانی تەواوەتیدا هیچ بەشێکی ڕووناکی خۆر دیار نیە.

1) بەپێی ئەو زانیاریانەی لە eclipse2024.org/find-times دەربارەی شوێنەکەت دەدرێت، کاتی نزیککراوەی هەر ڕوداوێکی خۆرگیران بنووسە کە لە خوارەوە ریزکراون (دڵنیابەرەوە کاتەکان بگۆڕیت بۆ کاتیی ناوخۆیی خۆت!):

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| پێش C1 | * خۆرگیران نییە * | |  |  | پێویستە چاویلکەی خۆرگیران بەکاربهێنیت |
| C1 | قۆناغی لاوەکی دەستپێدەکات لە: | |  |  | پێویستە چاویلکەی خۆرگیران بەکاربهێنیت |
| C2 | قۆناغی تەواوەتی دەستپێدەکات لە: | |  |  | دوای C2، دەتوانیت بەبێ چاویلکە تەماشا بکەیت |
| ناوەڕاستی خۆرگیران | ڕوودەدات لە: | |  |  | **دەتوانیت بەبێ چاویلکە تەماشا بکەیت** |
| C3 | قۆناغی تەواوەتی کۆتایی دێت لە: | |  |  | پێویستە دووبارە چاویلکەی خۆرگیران بەکاربهێنیت |
| C4 | قۆناغی لاوەکی کۆتایی دێت لە: | |  |  | پێویستە چاویلکەی خۆرگیران بەکاربهێنیت |
| دوای C4 | * خۆرگیران نییە * | |  |  | پێویستە چاویلکەی خۆرگیران بەکاربهێنیت |

2) هەرچەندە تۆ لە ناو ڕێڕەوی تەواوەتیدایت، پێویستە هێشتا چاویلکەی خۆرگیرانەکەت بەکاربهێنیت بۆ تەماشاکردنی خۆر بە درێژایی پێش ماوەکانی C2 یان دوای C3، کاتێک خۆرگیران تەواوەتی نیە.

© 2018-2024
Eclipse2024.org

3) تەنها لەم حاڵەتدانەدا بە چاوی رووت (بەبێ بەکارهێنانی چاویلکەی خۆرگیران) تەماشای خۆر بکەیت:

a) کاتێک خۆرگیران لە ناوچەکەت تەواوەتیە (دەبێت لە ناو "رێڕەوی تەواوەتی" بیت)، و

b) لە ماوەی کاتی خۆرگیرانی تەواوەتی (نزیکەی لە ماوەی کاتەکانی نێوان C2 بۆ C3 لە شوێنەکەی خۆت کە لە سەرەوە سەرنجت داوە)، و

c) **لە هەر کاتێکی تردا کە رووناکیی خۆت بە تەواوەتی لە لایەن مانگەوە داپۆشراوە.**

کاتی راستەقینەی خۆرگیرانی تەواوەتی بە شێوەیەکی زۆر لەسەر شوێنی دیاریکراوی تۆ بەندە، وە دەبێت پێشوەخت کاتی نزیککراوەت دیاری کردبێت و تۆمارت کردبێت. ئەو کاتانەی لە سەرەوە دیاریان دەکەیت کاتی نزیککراوەن!

4) دووبارە، بەبێ رەچاوکردنی کەو کاتانەی لەسەرەوە دیاریت کردووب، یان لە هەر سەرچاوەیەکی دەرەکیی ترەوە کۆت کردوونەتەوە، پێویستە هەمیشتە بە چاویلکەی خۆرگیران تەماشای خۆر بکەیت هەر کاتێک هەر بەشێکی رووناکی خۆر بەدەرەوە بێت.

5) ئەم رێنماییانە هاوشانی یارمەتیدەری وێنەیی روونکراوە دابین دەکرێن بۆ ئەوەی تێگەیشتن ئاسان بکەن.

---

## دەبێت ئەم رستانەی خوارەوە بخوێنیتەوە، لێیان تێبگەیت و پابەند بیت پێیانەوە:

## پێویستە شوێن هەموو رێنماییەکانی پەیوەست بە بەکارهێنای چاویلکەی خۆرگیران بکەوم بۆ ئەوەی بە سەلامەتی بەکاری بهێنم.

## کاتێک هەر بەشێکی رووناکی خۆر دەردەکەوێت، پێویستە چاویلکەی خۆرگیران بەکاربهێنم لە کاتی تەماشاکردنی خۆر.

## ** خۆرگیران تەواوەت نیە لە شوێنەکەی من **

تۆ لە ناو ڕێڕەوەی تەواوەتیدا نیت، بۆیە ناتوانیت ئەزموونی جوانیی خۆرگیرانی تەواوەتی بکەیت. (بە توندی ڕاتدەسپێرین شوێنەکەت بگۆڕیت بۆ ناو ڕێڕەوی تەواوەتی بۆ ئەوەی بتوانیت ئەم ڕووداوە نایابە ئەزموون بکەیت!)

1) بەپێی ئەو زانیاریانەی لە eclipse2024.org/find-times دەربارەی شوێنەکەت دەدرێت، کاتی نزیککراوەی هەر ڕوداوێکی خۆرگیران بنووسە کە لە خوارەوە ڕیزکراون (دڵنیابەرەوە کاتەکان بگۆڕیت بۆ کاتیی ناوخۆیی خۆت!):

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| پێش C1 | * خۆرگیران نییە * | |  |  | پێویستە چاویلکەی خۆرگیران بەکاربهێنیت |
| C1 | قۆناغی لاوەکی دەستپێدەکات لە: | |  |  | پێویستە چاویلکەی خۆرگیران بەکاربهێنیت |
| ناوەڕاستی خۆرگیران | ڕوودەدات لە: | |  |  | پێویستە چاویلکەی خۆرگیران بەکاربهێنیت |
| C4 | قۆناغی لاوەکی کۆتایی دێت لە: | |  |  | پێویستە چاویلکەی خۆرگیران بەکاربهێنیت |
| دوای C4 | * خۆرگیران نییە * | |  |  | پێویستە چاویلکەی خۆرگیران بەکاربهێنیت |

(سەرنجی ئەوە بدە کاتەکانی C2 و C3 ڕیزنەکراون چونکە لە شوێنەکەی تۆ خۆرگیران تەواوەتی نیە!)

2) لەبەرئەوەی خۆرگیران لە ناوچەکەی تۆ تەواوەتی نیە، دەبێت هەمیشە چاویلکەی خۆریگران بەکاربهێنەیت بۆ تەماشاکردنی خۆر. دووبارە، ئامۆژگاریت دەکەین گەشت بکەیت بۆ ناو ڕێڕەوی تەواوەتی. دڵنیابەرەوە بە چاویلکەی خۆرگیران لەگەڵ خۆت ببەیت، بۆ ئەوەی بە سەلامەتی قوناغە لاوەکیەکانی خورگیران ببینیت!

3) ئەم ڕێنماییانە هاوشانی یارمەتیدەری وێنەیی ڕوونکراوە دابین دەکرێن بۆ ئەوەی تێگەیشتن ئاسان بکەن.

---

**دەبێت ئەم ڕستانەی خوارەوە بخوێنیتەوە، لێیان تێبگەیت و پابەند بیت پێیانەوە:**

**پێویستە شوێن هەموو ڕێنماییەکانی پەیوەست بە بەکارهێنای چاویلکەی خۆرگیران بکەوم بۆ ئەوەی بە سەلامەتی بەکاری بهێنم.**

**دەبێت هەمیشە چاویلکەی خۆریگیران لە چاو بکەم کاتێک تەماشای خۆر دەکەم.**

© 2018-2024
Eclipse2024.org

PDF

کوردیی
(سۆرانی)

GRAN ECLIPSE NORTEAMERICANO

GRANDE ÉCLIPSE NORD-AMÉRICAINE

GREAT NORTH AMERICAN ECLIPSE

ECLIPSE 2024 .org